# ڕۆمانێکی نوێ دەربارەی شنگال



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لوقمان سلێمان، ڕۆمانێکی نوێ بەناوی (شنگال) دەنووسێ و لەلایەن وەشانخانەی (J&J) لە باکووری کوردستان چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

نووسەری کورد دڵناس بەرازی، پێشەکی بۆ ڕۆمانەکە نووسیوە و تیشکی خستووەتە سەر ئەو کارەساتەی لە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە بەسەر شنگال و دەوروبەریدا هێنرا. لوقمان سلێمان لەم دووەم ڕۆمانەی خۆیدا ئاماژە بۆ 74ەمین فەرمانی دژی ئێزدییەکان دەکات و چەندین چیرۆکی ئەو کارەساتە دەگێڕێتەوە.

لوقمان سلێمان، ساڵی 1962 لە گوندی هەمزەبێی سەر بە قامشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە. لە ساڵانی نەوەتەکانەوە دەستی بە نووسینی چیرۆک و چیرۆکی فۆلکلۆری کردووە. ساڵی 2000 دەستی بە نووسینەوەی مێژووی گوندەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. تاوەکو ئێستا چەند پەرتووکێکی ئامادەن بۆ چاپ لەوانە: ڕۆمانی قەدەری ڕەش. دوو کتێبی فۆلکلۆری، ڕۆژەکانی شۆڕش، سیامەند لەلای کورد و ئەرمەنیان.

ساڵی 2016 ڕۆمانی کوشتاری ونی چاپ کردووە.



# دیوانەکەی مەلای جزیری بە تورکی بڵاودەکرێتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی کە دیوانی مەلای جزیرییە، لەلایەن نووسەر و هەڵبەستڤانی کورد ئیلهامی سیدار دەکرێتە تورکی.

ئیلهامی سیدار لە لێدوانێکدا بۆ بەرنامەی (وێژەڤان)ی ڕادیۆی (ڕووداو) گوتی: "دیوانی مەلای جزیری شاکارێکی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییە، وەک چۆن کۆمێدیای ئیلاهیی دانتی بەلای ئیتاڵی و ئەورووپییەکانەوە گرنگە، دیوانی مەلای جزیریش بەو جۆرەیە بۆ کورد، بۆیە دەبێ هەموو میللەت و گەلانی جیهان ئەو شاکارە بناسن و بە زمانی خۆیان بیخوێننەوە، لەو سۆنگەیەوە بڕیارم دا دیوانەکە هەم بە کوردی لاتینی و هەمیش بە تورکی لە دووتوێی یەک پەرتووکدا بڵاوبکەمەوە، لەو ڕێگەیەوە هەموو کوردی باکوور و خوێنەرانی تورک بە دیوانەکە ئاشنا ببن".

سیدار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نزیکەی پێنج ساڵ خەریکی وەرگێڕانی دیوانەکە بووە بۆ تورکی، هەروەها کردنی بە لاتینی، چونکە دیوانەکە پڕیەتی لە دەستەواژەی ئەدەبی و فەلسەفی و وتە و چەمکی قووڵ و واتادار، جگە لەوەش وشەی عەرەبی و فارسی زۆری تێدایە و کاتێکی زۆری ویستووە تاوەکو وەریگێڕاوە.

دیوانی مەلای جەزیری بە تورکی لەلایەن وەشانخانەی ئایرێنتی لە تورکیا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. وەشانخانەکە زنجیرە کتێبی "زەرد"ی بڵاوکردووەتەوە کە بەرهەمەکانی نووسەرانی کورد، ئەوانەی بە زمانی بیانی دەنووسن، چاپ و بڵاودەکاتەوە، لەوانەش بەرهەمەکانی سەلیم بەرەکات، فەواز حوسێن، شێرکۆ فەتاح و جەمیل تۆران بازیدی.

# ڕۆمانێکی هێرمان هیسە دەکرێتە کوردی



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی ئەڵمانی هێرمان هیسە، بەناوی (سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات) لەلایەن کەریم دەشتییەوە دەکرێتە کوردی و ماڵی وەفاییش چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

کەریم دەشتی، نووسەر و شاعیری کورد، لەبارەی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانەی هیسەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هێرمان هیسە ڕۆماننووس و نەقاشێکی گەورەی ئەڵمانییە، ڕۆمانێکی زۆری هەیە، کاتی خۆی لە هەشتاکاندا لەناو نەوەی ئێمە زۆر باو بوو، بە تایبەت ڕۆمانەکەی کە بەناوی گەمەی کەلاشووشەکان بوو، من ئەو ڕۆمانەیم کە خوێندەوە، سەرسامی کردم و ئیدی بەدوای ڕۆمانەکانی دیکەشیدا چووم".

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، کەریم دەشتی گوتی: "ڕۆمانی سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات، ڕۆمانێکی کورتە، دەتوانم بڵێم سەفەرنامەیەکی کورتە، باس لە هەوڵی گرووپێک دەکات کە دەیانەوێ بێن بۆ ڕۆژهەڵات، هەڵبەت هەریەکە بە ئاواتێکەوە. ڕۆمانەکە بە تەکنیکێکی جوان نووسراوەتەوە، کاراکتەرەکانی هەمووی نووسەر و ڕۆشنبیرن. باس لە گەلێ فەیلەسووف و ڕۆماننووس و شێوەکارانی ئەڵمان دەکات. هەر بۆیەش بە پێویستم زانی خوێنەری کوردیش بیخوێنێتەوە".

کەریم دەشتی، ساڵی 1955 لە هەولێر لەدایکبووە، کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە. دەشتی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی باشووری کوردستان و خاوەنی چەندین کتێبی ڕۆمان و شیعر و ئەدەبیاتە. شیعرەکانی کەریم دەشتی بۆ زمانەکانی عەرەبی، فارسی و سویدی وەرگێڕدراون.

کەریم دەشتی دەڵێت: "من کاری وەرگێڕان ناکەم، تەنیا ئەگەر شتێک زۆر ناچارم بکات لە ڕووی جوانی و باشییەوە، من شاعیرم و خەریکی کاری شیعرم".

ئەو ڕۆمانانەی کەریم دەشتی کردوونی بە کوردی بریتین لە "ڕەگەکان"ی ئەلێکس هایلی "دایک"ی پێرل باک، "دوا وەسوەسەی مەسیح" و "لوورەی گورگ"ی جاک لەندەن و "سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات"ی هێرمان هیسە و چەندینی دیکە.






# ڕانانێک بۆ ڕۆمانی «سەردەمی گریانی بەڵقیس»

زوڵەیخا کەریم

**وهو القزم، رغم تحايلاتة كلها، بسببها، ربما؟**

ئەمە دێڕی یەکەمی چیرۆکێکی سەروەر ئەحمەدە لە کتێبی 'دخان الغرفة'، کە بە زمانی عەرەبی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بڵاوکراوەتەوە. ڕەنگە زیاد لە دە جار ئەو سێ چیرۆکە و بەتایبەت چیرۆکی 'هاجس'م خوێندبێتەوە، کە ئەم دێڕەی سەرەوە هی ئەو چیرۆکەیە.

چیرۆکەکان پێشکەشکراون بە بەیان محەممەد.

من تا نەبوومە قوتابیی زانکۆ، لە 2003، نەمزانیبوو کەسێک هەبووە بەناوی سەروەر ئەحمەد و ئەو چیرۆکانەی نووسیوە. بەڕێکەوت هاوڕێیەکی خوشکەکەم، خزمێکی نزیکی سەروەر دەبێ و هەر ئەویش بۆم باسدەکات و دوای تکایەکی زۆر کۆپییەک لەو کتێبە لەبیرکراوەم بۆ دێنێت بەو نیازەی بیدەمەوە و بەڵام بەهەر هۆیەک بێت ئەو کتێبە هێشتا لای منە.

چیرۆکی سەروەر، چیرۆکی عەشقی ئەو بۆ بەیان و خۆکوشتنەکەیان و گۆڕانی سەروەر بۆ تارماییەک لەناو ئەو چیرۆکەدا، لای من ماوەتەوە و بڕواش ناکەم لەبیری بکەم، چونکە خۆم نەمویستووە لەبیری بکەم. من باوەڕم بە نۆستالژیای خەیاڵی هەیە، ئەوەی بیری سەردەمێک بکەیت کە تێیدا نەژیاویت، بەڵام هەست دەکەیت ڕۆحت و ئەو پرسیارەی ناو تۆ، وەڵامەکەی لەو سەردەمە کۆنترەدایە، لای ئەو کەسانەیە کە زۆر پێش هاتنی تۆ ڕۆیشتوون.

جەبار جەمال غەریب، بە ڕۆمانە تازەکەی، سەردەمی گریانی بەڵقیس، هەموو کونجکۆڵیی منی خەبەرکردەوە، ئەو هەمان چیرۆک دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەو سەروەرەی ئەو لە ڕۆمانەکە باسی دەکات، ڕەنگە تەنها تارماییەکی سەروەری ڕاستەقینە بێت، یان تەنانەت ئەوەش نەبێت، بەڵام من لەکاتی خوێندنەوەی 390 لاپەڕەی ڕۆمانەکە، تەواو هەستم بە هەناسەسواریی جەبار جەمال دەکرد، هەستم دەکرد مرۆڤێک ئەم شتانەی نووسیوەتەوە کە دەمێکە ویستوویەتی بیانڵێت و بە هەستی مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتی پێیوابووە هێشتا زووە و ناکرێ ئەو شتانە بڵێت، بەڵام هەر ئەو دیوەی تری مرۆڤ کە سێبەری قورسی یادەوەرییەکان لەسەری ڕەنگە بیانەوێ بیخنکێنن، هەر ئەم دیوە ڕەنگە وای لە جەبار جەمال کردبێ دەست بکات بە گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکان ، بەو جۆرەی کە چاوی ئەو بینیویەتی و دڵی ئەو ویستوویەتی.

پەرەگرافی سەرەتای ڕۆمانەکە وەک ئاوێکی ڕوون دەڕژێ و هەر لێرەوە ئەو دەیەوێ فێڵەکە لە تۆ بکات و دەیکات و تۆ دەتەوێ بزانی دوای ئەوە چی ڕوودەدا: "یەکەم جار بوو ئاوا بێ پرس لەماڵێ بێتە دەرێ، پرس بەکەس نەکات و ڕێگا بگرێتە بەر،" ئەم ڕۆمانە زمانێکی گێڕانەوەی شیرینی هەیە، کە هەندێجار درێژدادڕی هەناسەسواری دەکات، بەڵام تۆ هەر وازناهێنیت و بەردەوام دەبیت، بەشێکی ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە بێت چیرۆکەکە دەتبات، بێگومان هۆکارەکەی تر ئەوەیە زمانەکە بەتاڵ و بۆش و بێخوێن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر زمان چڕتر بووایە زۆر باشتر دەبوو.

دروستکردنی وێنەی تێر و پڕی سێ شوێنی جیاواز، ڕەنگیشە بتوانین بڵێین چوار ئەگەر قەڵات جیا بکەینەوە، بەغدا، سلێمانی، هەولێر، قەڵات، خوێنەر دەتوانێت هەست بە قورسایی هەموو ئەو وێنانە بکات، بەڕادەیەک تۆ دەچیتە هەموو ئەو شوێنانە، بەتایبەت بەغدا بە قامیش و زەل و دیجلەوە تەواو وەک وێنەیەکی ڕوون دەبینیت. ئەوەی جوان و دڵڕەقانەشە، پیشاندانی جیاوازیی نێوان ئەو دوو شارە هاوسێ نەگبەتەی کوردستانە، هەولێر و سلێمانی و باسکردنی فیزیکی کۆنی سلێمانییانەیە بەرامبەر مرۆڤێکی سادەتر و نەگبەتتری هەولێری کە نووسەر ئەوەی چڕتریش کردووەتەوە، لەکاتێکدا خانەوادە سلێمانییەکە ئەشراف و دەوڵەمەندن، ماڵە هەولێرییەکەش هەژار و نابووت و شیوعی و نەگبەت. تەنانەت ئەو پیشاندانە هەندێجار قۆشمەییشی تێدایە، سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕۆمانە چیرۆکێکی خەمبار و دڵکوژە، بەڵام جاروبار دەتهێنێتە پێکەنین، لەشوێنێکدا لە باسکردنی ڕقی سلێمانییەکان لە ئافرەتی ئەسمەر و ڕەش نووسراوە: " ئەو سلێمانییانە هەر وان، ژنێک تۆزێک ئەسمەر بێ، بە ڕەشی دەبینن وەک ئەوەی خۆیان لە پەڕی کاغەز دروستکرابن، مریەم نازانێ، سلێمانی وێران بێ بەسەر ژنی ڕەش و دەنگ پیاوانەدا وێران دەبێ."

زاراوەی سلێمانی و هەولێری باش بەکارهێنراوە، یەکسەر دەتباتە ناو فەزاکەوە، بەتایبەت کە ئەمە لەو کتێبەدا زۆر گرنگە، چونکە فلاشباک زۆر بەکارهاتووە و ئەم جیاوازی زاراوەیە یارمەتیدەرە کە ون نەبیت و باشتریش بتوانیت لەگەڵ ڕووداوەکان بڕۆیت، بەڵام زاراوەکان هەندێجار ورد نین، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی شێوە قسەکردنی هەولێری، دەبوو بەکارهێنانەکە وردتر بووایە.

باسکردنی بێتوانایی و چەوساندنەوەی ژن، تەواو وێنەی ئەو کاتە پیشان دەدا کە

# سزای بەهەشت



چۆلی فایەق



"من لێرە، توێژەری کۆمەڵایەتیم. چەند مانگێک لە خانەی بێنەوایان، یان ئەوەی کورد (بیژی) پێ دەڵێت، کارم کرد. بەڵام ئەم کارەم جێهێشت..."

ـ بۆچی؟ خۆ کارێکی وا لە ئەمێریکا، هەم پارەکەی باشە، هەمیش کارێکی ڕاحەتە!

+ پارەکەی باشە ئەرێ، لە ڕووی جەستەوەیش ماندوویی نییە، وەلێ ڕۆحت شەکەت دەکات، کارێکی نە ڕاحەتە بۆ دەروون.

کە گوێم لە شەکەتیی ڕۆح دەبێت، بە سرووشتی حاڵ کات و شوێن لەبەردەممدا دەوەستن و پەلکێشی نێو تێڕامانم دەکەن.

ئەرێ ئەوەت زانیوە، ئەوانەی ڕۆحیان شەکەتی دیوە، باشتر لە ژیان و دەوروبەریان تێدەگەن؟

ئەگەر هەموو شتێک بە نوێی و لۆک‌ی باش و بەهادار بێت، دوو شتە سەیرەکەی نێو مرۆڤ "ئەقڵ و دڵ" تا لۆکتر بن، خراترن. ئەو ئەقڵ یان دڵەی شەکەت بووە، هەورازو نشێوی زۆری دیوە، هەزاران کێو و چیمەنی بڕیوە.

بیرکردنەوە لە ئەمە، بێدەنگی کردووم .. (بێری)ی هاوڕێشم ـ کە ئەمرۆ لە ئەمەریکاوە پشووی کارەکەیەتی ـ بە دەنگێکی نزمەوە چەند جارێک لە وسکتبوون و بێوەڵامی من دەپرسێتەوە!

"دەزانی بۆچی شەکەتی کردووم؟"

ـ گوێم بۆت ڕادێراوە، کوشتەی ژنەوتنی ئەو باسەم، بفەرمە بێری.

"لە خانەی بێکەسان، ڕۆژێکیان لە تۆمارکردنی ناوی مندالآن بەشدار بووم. تەمەنی ئەو نۆرەیە، لەنێوان شەش و حەفت ساڵیدا تێپەڕی نەدەکرد. تۆمارکردنی ناوی ئەو مندالآنە بێکێشە نەبوو، تۆپەڵەئاگرێ بوو، بەستەڵەکی ناخمی توانەوە..."

ـ چۆن؟

"کە دەستمان پێکرد، قل قل ناویانمان تۆمار دەکردن، منداڵەکان لموزیان خوار و نێوچەوانیان گرژومۆن دەبووەوە. کاتێ تۆمارکردن گەییە کۆتا و ئێمەیش دەستمان بەتاڵ بوو، سێ چوار منداڵ، ئەو منداڵە شەش حەوت ساڵانە، بۆ لام هاتن و بە کزی و نزمییەوە لێیان پرسیم:

ئێمە تاوانمان چییە کە وەها لەدایک بووین؟

ئێمەیش حەز دەکەین، ناوی باوک یان دایکمان لەسەر ناسنامە هەبێت، تاوانی ئێمە چییە لەو مەحرومبوونەدا؟ ..

ئیدی من بۆ پرسینێکی وەها، جگە لە تاسان و هێدمگرتن، وەڵامێکی دیم وێ نییە..."

ـ بێری وای گوت.

دیسان خەیاڵ بردمییەوە، من بۆ چەند ساڵێک زووتر گەڕامەوە، خۆم لێ بوو بە بێری و وا لەنێو خانەی بێکەسان، ناوی منداڵەکان تۆمار دەکەم. دوای تۆمارکردنیان، منداڵێکی هەشت ساڵە، هات پێمەوە نووسا و بە دڵتەنگییەوە پرسی: منیش حەز دەکەم ناوی دایکوباوکم لەسەر ناسنامەکەم بێت، کوانێ دایبابی من؟ من گوناحم چییە؟

ـ هیچ گوناحێکت نییە، مادام تۆ بەشدار نیت لەو دۆخە، خۆت دڵتەنگ مەکە بۆی.

+ مامۆستا، قسە ئاسانە، خەتای کێیە من بێ ناسنامەم؟

ـ خەتای تۆ نییە، خەتای سیستمی وجوودە، کە پڕە لە ناعەدالەتی. خەتای مرۆڤیشە، کە تەنانەت لە خۆیشی بووەتە بەڵا!

منداڵەکە لە پرمەی گریانی دا و کردییە هاتوهاوار، لە خۆی دەدا، هاواری بوو: کوا من کوڕی کێم؟ کێ دایکمە؟ کێ باوکمە؟ ئەمن دایکوباوکمم دەوێ هەر ئێستە...

من دەبێت بۆ گریانێکی وەها چی بکەم؟ چ شتێ ئەو منداڵە ژێر دەکاتەوە؟ .. چوومە سەر کورسییەکەی بەردەم پەنجەرەکە، کاڵەکانم لەپێ کردنەوە، بۆوەی بۆی سەرنجکێش بن و لێم بڕوانێت. هەر وایش بوو، سەیری بە لەپێکردنەوەی پێڵاوەکانم هات و بۆ لام هات. دەستم بەسەریدا هێنا:

ـ حەز دەکەیت بزانیت کوڕی کێیت؟

+ زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر ـ (بە دەنگی بەرز و شەوقەوە).

ـ سەیر بکە، تۆ بێ ناسنامە نیت. من ئێستە لەسەر تۆماری ناسنامەکەت دەنووسم: (مایکڵ خودا).

+ چی مامۆستا؟

ـ دەنووسم مایکڵ خودا.

+ یانی چی و چۆن مامۆستا؟

ـ یانی مایکڵی کوڕی خودا. دایکوباوکی خۆت ناوێت؟ لە ناسنامەکەی تۆدا لە شوێنی ناوی باوک و دایکیشت دەنووسم: خودا.

+ یانی من کوڕی خودام؟

ـ بەڵێ ئەزیزم، تۆ کوڕی ئەوێت. تا لەنێو ئەو گۆڕەپانەی ژیانیش مایت، هەر کەسێ تانەی بێدایکوباوکی لێ دایت، ناسنامەکەت دەربێنە و پێی نیشان بدە کە کوڕی کێیت!

گریانەکەی بوو بە پێکەنین و دڵزارییەکەی بە دڵشادی گۆڕا و حەسایەوە. غاری دا و لەبەرەخۆی دەیگوت: من کەسوکاری خۆم دۆزییەوە هاوڕێیان!

ئەلووووو؟ بێری لێرە ماوی؟

ـ ئەرێ ئەرێ لێرەم، بەس تۆ بۆ وا دەمنادەم کڕ دەبیت؟

+ کڕ نیم، بیر دەکەمەوە...

عیسا، شتێکی وەک ئەو منداڵە شەکەتی

# دیاریی ماڵئاوایی



سالانی پەنجا و شەستەکان تا هەشتاکانە، کە ڕەنگە ئەوە ئێستاش زۆر نەگۆڕابێت، بەتایبەت کاتێک کچ لە یاسای نۆرمی گشتیی کۆمەڵگا دەردەچێ ئیدی وەک کالایەکی خراپ خاوەندارێتییەکی بەموتڵەقی دەدرێتەوە بە دایک، دایک وەک تاوانبار. یان لە باسکردنی ئەوەی هەڵەی کوڕەکان نەبینراوە و یەکەم هەڵەی کچ کۆتاییەتی، ئافرەت لەو ڕۆمانە تەنانەت خۆشی بەشدارە لە لۆمەکردنی خۆی، وەک درێژکراوەی وێنەی باوک و برا و دۆست و هاوڕێ و پیاو بە گشتی.

جەبار جەمال، کارێکی جوانی کردووە کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، هیچ نەبێ هاونەسلەکانی، لەوانەی کە نووسەرن و خوێندەوارن، دەیزانن، ئەمەش تۆزێک ترسی هەیە، ترس لەوەی نەتوانیت بەقەد چیرۆکەکە هەناسەت درێژبێت و نەتوانیت ئەو دونیایە دروستبکەیتەوە، بەڵام ئەو هەردووکیانی پێ کراوە.

زۆر گرنگە، ناوەندی ئەندێشە، کە بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبەیە، یان هەر خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەیەکی دی، بتوانێت قورسایی ئەرکی بڵاوکردنەوە تێبگات، بەوەی کاتێکی باشتر لە هەڵچنی و ئەو چەند دێڕە خەرج بکات کە بۆ ناسینی کتێبەکان لەبەرگی دواوە دایدەنێت. لەم کتێبەکە لەو ناساندنە تەنانەت ناوی پاڵەوانەکەش بە هەڵە نووسراوە، جگە لە چەندین هەڵەی چاپیی تر لەناو کتێبەکە کە ئاسان دەکرا کتێبەکەیان لێ ڕزگار بکرێت. هەرچەندە بڵاوکردنەوە و گرنگیدان بەو کتێبانەی بە کوردی دەنووسرێن، ئەرکە و کارێکی باشە کە هەر ناوەندێکی بڵاوکردنەوە ئەو گرنگییە بزانێت، بەڵام دەشبێ کات و وزە لە بەپایانگەیاندنی چاپکردنی ئەو کتێبانە خەرج بکرێ تا هەڵگری کەموکوڕیی زۆر نەبن.

من تەمەنا دەکەم، ئەو کەسانەی حەز دەکەن کتێبێکی باشی کوردی بخوێننەوە ئەو ڕۆمانە بخوێننەوە، لەگەڵ ئەو هەموو چیرۆکی دڵشکان و وردبوون و تەنهاییە بڕۆن، کە گەورەترە لە تەنها چیرۆکی عەشقێک، بەڵکو باسکردنی شوناسی مرۆڤ و تەنهابوونیەتی وەک تاک، ئەم چیرۆکە نامۆ نییە بە مرۆڤی کورد.

گەر تەنها لەبەر دێڕی کۆتایی ڕۆمانەکەش بێت، دەبێ ئەو کتێبە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەشی لەو دێڕە تێبگەیت، دەبێت هەموو کتێبەکە بخوێنیتەوە.

---

کردبوو، بۆیە هانای بۆ خوا برد و لە ناسنامەکەیدا، بە باوکی خۆی تۆماری کرد. عیسای کوڕی خودا، نوێنەری شەکەتترین ڕۆحی بەشەرە!

"شتێکی دیت بۆ وەگێرم، دوای ئەوە، بە جارێک شەکەت بووم و وازم لە ئیشەکەم هێنا"

- باشە، جغارەکە نەکوژاوەتەوە، بگێڕەوە.. -
من وام بە بێریی ئەمریکانشین گوت.

"دایکی هێندێ لە منداڵەکان دیار بوون، لە تیاترۆخانە کاریان دەکرد، سۆزانی بوون. جارێک منداڵێکمان دەگەڵ خۆ دا، چووینە ئەو تیاترۆخانەی کە دایکی لەوێ هەیتەیی دەکا، دەبوو جاروبار یەکتر ببینن. کە چووین، دایکی ئەو منداڵە، قایل نەبوو کچەکەی ببینێت، بگرە جوێنبارانیشی کرد. منداڵەکە لەودیو دەرگەوە، گوێی لە دایکی بوو، وەلێ ڕەنگی نەدەبینی. هەر بەو هێندەیە، وەک ئەو مریشکەی تازە سەری براێت، لە خۆی هەڵدەدا و باڵەکانی جوڵەیان بوو لە حەشمەتان! بەڵام دایکەکەی هەر ڕازی نەبوو کچەکەی ببینێت. ئیدی هاتینە دەر و سواری ئۆتومبێلەکەی فەرمانگە بووینەوە. من و ئەو منداڵە، لە دواوە دانیشتین. وەختێ قەمەرەکە بە ئیش کەوت و ویستی بڕوا، منداڵەکە، ڕووی خۆی وەرگێڕا و دەموچاوی بە جامی دواوەی سەیارەکەوە نووساند و بەدەم ڕژاندنی تنۆکی فرمێسکەوە، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بورایەوە... بەو ئاهوناڵەیەی، هەپرون بە هەپرون بووم و چیدی بەرگەی کارکردنی ئەوێم نەما".

ئممممم .. دەبێت بیر لەوە بکەمەوە، دایکەکە سزایە بۆ منداڵەکە، یان منداڵەکە سزایە بۆ دایکەکە؟ یان هەردووکیان سزای ژیانن؟ ..

- ئەمە سزایەکی سەیرە، ڕەگی دەچێتەوە سەر سزای بەهەشت. خەڵک بەهەشت بەبێ سزا تێگەییوە، ئەوە نابینێت کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسی لێ کراوە، خودا لە بەهەشت دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە. قسەت بۆ دەکات و خۆیت پێ نیشان نادات. مەگەر ئەمەیش وەک سزای منداڵ و دایکەکەی نییە بێری؟

بەو ئەندازەیە، تیلەفۆنەکەمان بە کۆتا دەهێنین. ئێوارەیەکی شاد.

---

(١)

## لە نزیک گڕکانەوە بۆ بەردی گرانبەها دەگەڕێم

حەمەسەعید حەسەن






سەرسامبوونی نابینایانە ئەوەیە، عەقڵی ڕەخنەگرانەت دەستی لە کار کێشابێتەوە و بڕوا بە هەموو ئەو چیرۆکانە بکەیت، دەربارەی ئەم یان ئەو پەیامهێنە هەڵبەستراون. ڕیفۆرم چۆن لە ئاییندا دەکرێت؟ بەوەی ئەو لایەنانەی دین کە لەگەڵ لۆگیکدا ناگونجێن و بۆ ئەم سەردەمە دەست نادەن، فەرامۆش بکرێن، وەک چۆن لە سەردەستی موحەممەد خۆیدا، گەلێک ئایەت لە کار خران. مووسا کە 136 جار ناوی لە قورئاندا هاتووە، کەسایەتییەکی ڕەمزییە، تەوراتنووسان بە کۆمەکی داستانی سەرگۆنی دووەم ژیاننامەیان نووسیوەتەوە. مووسایش وەک سەرگۆن باوکی بزرە، مووسایش وەک سەرگۆن لە سندووقی بە قیر سواغدراودا، بەدەم ئاوەوە دراوە، مووسایش وەک سەرگۆن لەلایەن خێرومەندەوە دۆزراوەتەوە و پەروەردە کراوە. ئەوەی جوو دوای دوولەتکردنی زەریای سوور بە عەسای مووسا، لە ترسی سوپای فیرعەون لە میسر هەڵاتوون، مێژوو نییە، داستانە.

بەندیکتی شازدەیەم کە لەنێوان سالانی 2005 و 2013 دا پاپای ڤاتیکان دەبێت، بە سوودوەرگرتن لە بەرهەمی ئەو باسکارانەی دەربارەی ئایین و ئەفسانە توێژینەوەی زانستییان کردووە، لە کتێبەکەیدا: (یەسووعی ناسری) کە 2007 بڵاو بووەتەوە، دەربڕینی (عیسای دیرۆک)ی بەکارهێناوە و دەڵێت: (عیسا نە خۆی بە سەروەر زانیوە، نە بە کوڕی خوا.) ئەگەر سەد ساڵ پێشتر کەسێک وای گوتبا، ڤاتیکان خوێنی حەڵاڵ دەکرد، بەڵام هەنووکە ئەگەری ئەوە هەیە پاپا بڵێت: عیسا نە لە دایکێکی پاکیزە بووە و نە بەرەو ئاسمانیش هەڵکشاوە. فرەنسیس کە لە ئاداری 2013 بەدواوە پاپای ڤاتیکانە، هەم دۆزەخ بە داستان دەزانێت و هەم ئادەم و حەوا.

پەیامهێن ئیدی داهێنەری هەر ئایینێک بێت، خاوەنی دوو کەسایەتییە، کەسایەتییەکی دیرۆکی و کەسایەتییەکی ئەفسانەیی. وەک چۆن (گوتەی پێشینان) هەیە، لە ڕوانگەی (ئەبوو عەلائی مەعەری)یەوە، (ئایین ئۆینی پێشینانە.) (*) ئەوانەی خۆیان وەک پەیامهێن دەناسێنن، تایبەمەندییەکی دەروونیی هاوبەشیان هەیە کە (وڕێنەی خۆ بە پەیامهێن زانین)ی پێ دەگوترێت. پرۆفیسۆری دەروونناس تۆماس شاش (1920 – 2012) دەڵێت: (ئەگەر گوتت قسەم لەگەڵ خوادا کردووە، ئەوە نوێژە، ئەگەر گوتت خوا قسەی لەگەڵدا کردووم، ئەوە تووشی شیزۆفرێنیا هاتوویت)(**) و وڕێنە دەکەیت، وڕێنەی خۆ بە پەیامهێن زانین.

موحەممەد کەسایەتییەکی ڕاستەقینەی ناو مێژوو بووە، بە پێچەوانەی گەلێک لە پەیامهێنانەوە کە لەدوای توێژینەوەی دیرۆکییەوە، دەرکەوتووە زیاتر کەسانی ڕەمزی بوون، وەک لەوەی دیرۆکی بن. بتپەرستان پێیان وابوو، ئەوی بە چرپەش، بە وشەیەک ڕەخنەیەک لە بت بگرێت، دەکەوێتە بەر نەفرەت و ژیانیشی لێ زەوت دەکرێت. تا ئێستایش زۆرێک لە موسوڵمانان لە هەمان ڕوانگەوە سەرنجی موحەممەد و قورئان دەدەن و لەسەروو ڕەخنەوە دەیانبینن، ئەم تێڕوانینەیش هیچ لەگەڵ مۆدێرنیزمدا کۆی ناکاتەوە. تا موسوڵمانان سەرنجدانی ڕەخنەییانەی دیرۆکیان بە تابوو بزانن، وەک ئەوە وایە لە بازنەیەکی داخراودا بسووڕێنەوە، ئاخر ناتوانن هەنگاوێک بچنە پێشەوە.

حاڵی حازر ئەگەر کەسێک بانگەشەی پەیامهێنی بکات، بە نەخۆش هەژمار دەکرێت، قسەکانی وەک وڕێنە لێ وەردەگیرێت و چارەسەری پێویستی بۆ دەکرێت. چارەسەری ئەو نەخۆشییە دەروونییە کە بە وڕێنەی خۆ بە پەیامهێن زانین ناسراوە، ئاسانە، ئەگەر تووشبوو لە قۆناغی سەرەتای نەخۆشییەکەدا بێت. ئەوە وەک ستەمکردن وایە لە پەیامهێن کە بەدەگمەن لێکۆڵینەوەی دەروونی لەبارەیەوە کراوە، یان هەر نەکراوە، ئاخر بەبێ ڕۆچوون بە دەروونی پەیامهێندا، ئیمکانی ئەوە نابێت، زانستییانە لە ئۆلی ئیسلام تێبگەین. لەمێژە وەختی ئەوە هاتووە، عەقڵانی و ناعەقڵانی، ماقووڵ و ناماقووڵ و واقیع و ئەفسانەی نێو ئیسلام لە یەکدی جیا بکرێنەوە و هەموو ئەو بەهایانەی ئایینەکە کە لەگەڵ بەها ئینسانییەکانی سەردەمدا ناگونجێن، فەرامۆش بکرێن، ئەگەرنا توندڕۆیی ئایینی کە ڕەگی، قووڵ بە دەروونی موسوڵماناندا ڕۆچووە، بنبڕ ناکرێت.

وەختی ئەوە هاتووە لێکدانەوەی زانستییانەی ئایین، جێ بە لێکدانەوەی عەوام بۆ ئایین لێژ بکات. لێرەدا مەبەست لە عەوام خەڵکانی نەخوێندەوار نییە، بەڵکوو مەبەست لەو بژاردە نەریتخوازەیە کە هەرچەندە لە بواری لێکدانەوەی دیندا، بێسەوادن، کەچی خۆیان بە زانای ئەو بوارە دەزانن. عەوام ئەوانەن پێیان وایە، ئەو دەنگەی لە غەیبەوە هاتووە، حەقیقەتێکی دیرۆکبڕی پێ بووە، حەقیقەتێک بۆ هەموو سەردەم و شوێنێک دەست دەدات و ئەگەر مرۆڤایەتی پێبەندی نەبێت، زایە دەبێت. ئەم تێگەیشتنە کۆسپێکی گەورەی ئەپستمۆلۆجییە و لێ ناگەڕێت، لە لێکدانەوەی عەوامانەی دینەوە، بپەڕینەوە بۆ لێکدانەوەی عیلمییانەی دین. وەک چۆن زانستخواز بەرەو ڕووی سیحرباز دەبێتەوە، تا تاکی مۆدێرنی کراوەیش، بەگژ کەسانی عەقڵبەردینەدا نەچێتەوە، کۆسپی نێوان لێکدانەوەی عەوامانە و زانستییانە تەخت نابێت.

لێکدانەوەی زانستییانەی دیاردەی ئایین، خۆی لە گوتارێکی ڕۆشنگەرانەدا چڕ دەکاتەوە کە ئایین لە وڕێنە بژار دەکات و باوەڕدار لەبن هەژموونی سیحر و پەرجوو دەهێنێتە دەرەوە، ئیدی تاک بڕوای بە قەزا و قەدەر، چارەنووسی پێشوەخت نووسراو، سزای سەنگباران و دەستبڕینەوە نامێنێت و بە ڕێزەوە سەرنجی جیاوازی، مافە گەردوونییەکانی ئینسان و یاساکانی سروشت دەدات. تاکی دەربازبوو لە سیحری وڕێنە، بە جیهاد کە بریتییە لە بەپیرۆزکردنی کوشتوبڕ، فریو نادرێت.

یەکەمین هۆکاری بە دواکەوتوویی مانەوەی دونیای ئیسلام، بریتییە لە هەژموونی وڕێنەی دینی کە بەرهەمهێنی فەیتالیزمی کۆمەڵایەتی و تیرۆریزمی فیکرییە. فایتالیزم: بڕوابوونە بە قەزا و قەدەر، وەستانە لە چاوەڕوانیی ئەوەدا، (خوا وەتەن ئاوەدان بکاتەوە) و کۆمەڵ پێش بخات. وڕێنەی دینی دژی عەقڵانیبوونە، تا لە هەموو بوارەکانیشدا سیاسەتێکی عەقڵانی ڕەچاو نەکرێت، دونیای ئیسلام بە تۆزی پێی دونیای پێشکەوتوودا ناگات. تا بە گوتارێکی مەعریفی، پەیامهێنی مێژوو لە پەیامهێنی داستان قوتار نەکرێت و بە کۆمەکی سایکۆلۆجیا، ژیاننامەی لێک نەدرێتەوە، دونیای ئیسلام پێش ناکەوێت. دونیای ئیسلام بەبێ دابڕان لە کەلەپوور، پێ نانێتە دونیای نوێوە.

هەموو پەیامهێنێک وێڕای ژیاننامە ڕاستەقینەکەی، ژیاننامەیەکی تریشی هەیە زادەی خەیاڵە، زیاتر باوەڕداران بۆیان هەڵبەستووە، کە هاتوون بۆ تێرکردنی نەهەنگی نێرگزیبوونی خۆیان، پەیامهێنیان وەک ئینسانێکی بانسرووشت وێنە کێشاوە. میتادیرۆک ئەوەیە، خوا دەست وەردەداتە نێو دیرۆکەوە، کەسێک هەڵدەبژێرێت و وەک قارەمانی داستان دەیناسێنێت، قارەمانێکی باڵا کە زەمان بە ڕوویدا دەگەشێتەوە. ئەو وێنەیەی موحەممەد کە لای باوەڕداران هەیە، وا کێشراوە وەک هەر لە هەناوی دایکییەوە، خوا بۆ ئەوەی هەڵبژاردبێت، پەیامی پێدا ڕەوانە بکات. خوا کەسێکی ئاسایی هەڵنابژێرێت بۆ ئەوەی بیکات بە پەیامهێن، کەسێک هەڵدەبژێرێت لەدایکبوونیشی پەرجوو بووبێت، ئاخر نەستی کۆ پێویستی بە کەسایەتییەکی لە چەشنی عیسایە کە لە دایکێکی پاکیزە دەکەوێتەوە!

کە گاورەکانی شام دەپرسن: چۆن موحەممەد پەیامهێنە و پەرجووی نییە؟ موسوڵمانان ناچار دەبن هەر لەو کاتەوە کە لە هەناوی دایکیدا بووە، بە خەرمانەیەک دەوری بگرن و بڵێن، خوا ئەوی لە نووری خۆی چێ کردووە، ئاخر کە لە دایک بووە، وەک نوور لە داوێنی دایکییەوە بینراوە و هەر کە هاتووەتە دونیاوە، هێزێک عەرشی کیسرای هەژاندووە و تەلارەکانی شامی ڕۆشن کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر کەسوکاری لە سەرەتاوە ئەویان بە پیرۆز زانیبا، دەبوو پێش هەمووان وەک پەیامهێن دادنیان پێدا نابا، نەک لە دژی بوەستنەوە.

باسکاری دەروونناس، بۆ شارەزابوون لە دەروونی هەر کەسێک، پێویستی بە شیکردنەوەی خەونەکانیشی دەبێت، ئاخر خەون چونکە ڕەنگدانەوەی چەپاندنە، کلیلێکە گەلێک دەرگا بە ڕووی دەروونناسدا دەکاتەوە. باسکار بەهۆی کردنەوەی کۆدی خەونی ئەم یان ئەو تاکەوە، بە نهێنییەکانی جەنگەڵی دەروونی ئاشنا دەبێت. توێژینەوەی زانستی بریتییە لە لێکدانەوەی بابەتییانە، دوور لە هێرش و ستایش، باسکاری نابابەتی، یان تەنیا لایەنە گەشەکانی باسکراو دەبینێت، یان تەنیا لایەنە ڕەشەکانی، یان ساویلکانە بڕوا بە هەموو بانگەشەکانی باسکراو دەکات، یان پێشوەخت بڕیاری داوە، هەموو لایەنەکانی ڕەت بکاتەوە. وەک چۆن ئەوە هەڵەیە پێمان وابێت، موحەممەد سیاسەتکارێک بووە شەیدای باج و زەواج، ئەوەیش بابەتییانە نییە، وای بۆ بچین دوا پەیامی پیرۆزی پێبووە، پەیامێک سیحری هەموو پەیامەکانی پێش خۆی بەتاڵ دەکاتەوە و بۆ هەموو شوێنکاتێک دەگونجێت. خوێندنەوەی بابەتییانە بۆ ئیسلام ئەوەیە، ددان بەوەدا بنێین، دامەزرێنەری ئیسلام بە پلەی یەکەم عومەر بوو، ئاخر ئەو ئیسلامی بە زەبری شمشێر گەیاندە دەرەوەی سنوورەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب.

فیلۆلۆجیا لەڕێگەی بەڵگەنامە دێرینەکانەوە، بەراورد لەنێوان شارستانییەکاندا دەکات، وەک نموونە بەهۆی بەراوردکردنی قورئانەوە بە تەورات، قسە لەسەر لایەنە لێکجیاواز و لێکچووەکانی ئایینی ئیسلام و ئایینی جوو دەکات. بۆ ئەوەی لە مێژووی ئیسلام تێبگەین، پێویستمان بەوەیە کتێبەکانی خۆرهەڵاتناسان بخوێنینەوە، ئاخر بەگشتی بابەتییانە قسەیان لەو بارەیەوە کردووە، بە پێچەوانەی موسوڵمانان خۆیانەوە، کە ئەوەندە بوێرییان شک نەبردووە، بێلایەنانە سەرنجی مێژووی دینەکەیان بدەن. (زانا)یەکی موسوڵمان لە بەرانبەر ئەو تێکستانەدا کە بە پیرۆزی زانیون، خۆی زەلیل بینیوە و هەر بە بیریشیدا نەهاتووە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنجیان بدات.

لە قورئاندا دەیان جار بۆ بەکارهێنانی عەقڵ هان دراوین، دەبوو ئەوە هاندەرمان بێت، بۆ ئەوەی بە سیحر و غەیب فریو نەخۆین، داستان و مێژوو لێک جوودا بکەینەوە، لە ئینسانێکی کۆنی خەمگینەوە ببین بە کەسێکی هاوچەرخی دڵشاد، ئازادانە هەڵسوکەوت لەگەڵ جەستەماندا بکەین و بایەخ بە قسەی شێخ شەعراوی (وەزیری ئەوقافی میسر) نەدەین کە دەیگوت: چونکە جەستەمان موڵکی خوایە، مافی ئەوەمان نییە، گورچیلەمان ببەخشین. وەختی هاتووە لە ئینسانێکی سەر بە کەلەپوورەوە، ببین بە ئینسانێکی خاوەن کەلەپوور، لە کەسێکەوە کە لاسایی پێشینان دەکاتەوە، ببین بە تاکێکی داهێنەر و خۆمان شێوازی نوێی ژیانمان دابهێنین. کە ناسر یاسای سنووردارکردنی وەچەخستنەوەی دەرکرد، شەلتووت (شێخی ئەزهەر) شمشێری: ئایەتی 23ی سوورەتی ئیسرای بە ڕوویدا هەڵکێشا کە دەڵێت: (منداڵەکانتان مەکوژن لە ترسی هەژاری، ئێمە بژێویی ئێوە و ئەوان دابین دەکەین.) ناسر لە ترسی دەقی دێرین پاشگەز بووەوە، ئەوە بۆیە لە میسر تەقینەوەی دیمۆگرافی وای کردووە، نان لە قوڕگی شێردا بێت.

*

(*) (دیانتکم مکر من القدماء.) ئۆین: فێڵ.

(**) If you talk to God, you are praying; If God talks to you, you have schizophrenia. Thomas Szasz

(***) العفيف الأخضر، من محمد الإيمان الي محمد التاريخ 2013 دار الجمل.

(****) تارکۆفسکی گوتوویەتی: لە نزیک گڕکانەوە بۆ بەردی گرانبەها دەگەڕێم.

# بۆ "کاشەریف"؛ ئەو مرۆڤەی کەس هێندەی ئەو شەهید نەبوو



◄ شادی نیکخا

سمۆرەیەک لەسەر شانت خۆی مت دەکا و بە مەکرێکەوە دەڵێ: "تکایە لای من بمێنەوە، شەرت بێ بە شەو کلکم بکەم بە سەرین بۆت و بە ڕۆژ تا ئێوارە، بەم کلکە نەرمەم باوەشێنت بکەم؛ بە بولبولەکەی هاوسێشم بڵێم تا تۆی باخەوان لێرە بی، بە باڵای هیچ گوڵێکی ترا هەڵنەڵێ". شنەیەک لەسەر شانی ناسک و سووکی پەپوویەک، بە دەستتەوە دەنیشێتەوە و دەڵێ: "قەول ئەیەم هەتا بلۆقەکانی لەپی دەستت چاک ئەبنەوە، هەر فووت لێبکەم، بەس تۆی باوانی با-کان لێرە مەڕۆ!"

دوو کیسەڵی شەکەت دێن لەبەر هەردوو پێتدا لەنگەر دەگرن و دەڵێن: "سوڵتانی زاگرۆس! سەرکەوە، با قاچەکانت لەوە زیاتر ماندوو نەبن، ئێمە ئەتبەین.. ئێ دەی ئەو پەلەپەلەت لە چییە؟ چی ئەبێ کەمێک درەنگتر بگەیتە ئەبەد؟ با لە ڕێگا مێرووڵەکانیش دەرفەتیان بێ نەختێکی تر بۆ بەژنت بڕوانن."

مارێک دێ کز و کەنەفت خۆی با قاچتدا دەئاڵێنێ و بە ناڵەناڵ دەڵێ: "تۆخوا جارێ تا بێچووەکانم لەم دارستانەیا مەترسیی سووتانیان لەسەرە مەڕۆ، سوێند ئەخۆم بە شەرافەتی ناوت، تا ماوم بە هیچ کوردێکەوە نەدەم."

کەو بە قاسپەیەکی خۆویستانەوە لە دوورەوە بانگت دەکا: "بۆ کوێ ئۆغر کا شەریف؟ پێش ئەوەی بڕۆی گەرەنتییەکم بدەیە لوولاقی ئەو تاپڕانەی چەماندتنەوە، دوای تۆ لێم ڕاست نەبنەوە دیسان."

کەناریش لەولاوە دەچرێکێنێ: "ڕاست ئەکا ڕاوەستە، قەفەزی زۆر ماوە بۆ شکاندن هێشتا.."

داربەڕوو سەرە هەڵپرووزاوەکەی بە ئاستەم دەلەقێنێ و بە دەنگە گڕ و زەخمدارەکەی دەڵێ: "گوێ بگرە کاشەریف! خۆت ئەزانی من چەن چەقاوەسوو و ئینکارم، سوێند بێ بە ئومێدی سروشت، ئەگەر بڕۆی چەترێکی پان هەڵئەدەم و خۆم لە پەڵەی ئەم پاییزە ئەشارمەوە، با ئیتر هیچ هاونیشتمانییەکت دوای تۆ تامی بەڕوو نەکەن."

ئاسمان بە گەواڵەیەکی وشک تێی دەگرمێنێ و دەڵێ: "تۆ هەر بە تەمای پەڵە مەبە، باران لە شەرمی ئەو ئاگرەی نەیکوژاندەوە، هەر ئەبێ ببێ بە تکێ ئاو و بچێ بە ناخی عەرزا، چۆن لە ڕووی بێ جارێکی تر بباری؟"

**تۆ بەرگەی توندی و تووڕەیی دارستان ناگری و جا دێیتە دەنگ:**

"دە هێمن بن هاوڕێیان هێمن.. خەمی چیتانە؟ من بەڵێنم پێ داون جێتاناهێڵم، لە گەڵ هەموو شنەیەکدا لە گەنمەجاڕەکانا ببینن چۆن کەرۆشکە ئەکەم، لەگەڵ هەموو بارانێکا ببینن چۆن پەڵەی پیت و بەرەکەت سوور ئەکەم لەسەر دارگێلاسەکانی کەنار زرێبار و گوڵجاڕەکانی گاران، لەگەڵ هەموو بەفراوێ ببینن چۆن ئەبمە چووزەرەی ڕێواس و لە قەڵبەرد و قووچەلووس و قەمچیان و میراجی سەر دەردێنم، لەگەڵ هەموو گڤەی بایەکدا ببیستن چۆن ئەبمە گمەی کۆتر و جریوەی مەلیچک، لە ناوچاوی هەموو نێرگز و گوڵە حاجیلەیەکا ببینن چۆن ئەبم بە خۆر و خاڵخاڵۆکە گەرم ئەکەمەوە، لەگەڵ هەموو چرۆیەکی بەهاردا ببینن چۆن ئەبمەوە بە ئومێد و ئومێد و ئومێد و سەوز ئەبمەوە...

**خەمی چیتانە**
**من تا هەتایە لەم کوێستانەدا دڵم بێدارە و**
**سینگم بۆ کردوون بە دارستانێک لە دار هەسارە**
**هێند شەهید ئەبم هەتاکو دەنگم**
**ئەچێتە گەرووی ئەم شاخ و شارە**
**کە دەنگی ئاشتیم بۆ هەموو خیلقەت**
**لە مرۆڤەوە هەتاکو مارە "**

# شۆپاژۆی شەهیدانی ژینگەی وڵات

◄◄ ڕێبوار کەریمی



**پێشکەش بە گیانی ئەو ژینگەپارێزانەی بوونە قوربانیی کوژاندنەوەی ئاگری ناو لێڕەوارەکانی مەریوان**

بۆچوونێکی دێرین هەیە کە دەڵێ نهێنیی مانەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ چەتوونیی چیاکانی. شاخەکانی کوردستان ڕەگەزێکی بنچینەیی ناسێنەی مرۆڤی کوردن. گرێدراویی مرۆڤی کورد بە چیاوە، تەنیا لەبەر دیمەنی ئەو شاخانە نییە، بەڵکو لەڕێی ئەو شاخانەوە مرۆڤی کورد وشیاری بەرامبەر بوونی مێژوویی خۆی ساغ دەکاتەوە. چیاکان بۆ ئێمە هێمای سروشتی نیشتمانن. لەخۆوە نییە کە ئەوانەی سیلەیان لە نابووتکردنی کورد گرتووە، سروشتی کوردستانیان کردووەتە ئامانج. هەڵبەت بایەخی سروشتی کوردستان، ئەو بابەتە هەستیارەیە کە کەمترین بایەخی لە دیسکۆرسی سیاسیـ چەکداریی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکانی کورددا پێدراوە. مامەڵەی ئەم بزووتنەوانە لەگەڵ سروشت، مامەڵەیەکی ئامرازین بووە: سروشت خراوەتە خزمەتی وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان. سروشت، پاشکۆ بووە. ئەوەی بۆ ئەم بزووتنەوانە گرینگ بووە، یان نەتەوە بووە یان چین. هەڵبەت ئەزموون دەریخستووە، ئەوەی لەخەمی سروشتدا نەبێ، لەخەمی نەتەوە و چینیشدا نییە. نیشتمان ئیتر لەولاوە بوەستێ!

## ڕۆشنگەری و تێڕوانینێکی کوێرانە

ئەو تێگەیشتنە خۆماڵییە خەمساردانەی سەرەوە، پاڵ بە شێوە ڕوانینێکی جیهانداگری بەرفراوانترەوە دەدا کە ئەویش سروشت بە پاشکۆ وەردەگرێت. تێگەیشتنێکی مێژوویی هەیە کە میراتی سەردەمی ڕۆشنگەرییە و، نهێنیی بەختەوەریی ئادەمیزاد لە زاڵبوونی ئەقڵی مرۆڤ بەسەر سروشتدا دەبینێ. جەوهەری ئەم ڕوانگەیە خۆی لە داماڵینی پیرۆزی لە سروشت، دەبینێتەوە؛ لە سڕینەوەی پیرۆزایەتی لەو پێوەندییەی مرۆڤ و سروشتی پێکەوە گرێداوە. ئەم ڕوانگە "مۆدێرنە" سروشت دەخاتە پاوانی مرۆڤ و، لەپێناوی تەما و ویستەکانی مرۆڤدا ڕکێفی دەکات. لە 300 ساڵی ڕابردوودا گەشەی بەردەوامی پیشەسازی و، مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگاکانی جیهان، مرۆڤایەتیی بەم ئاقارەدا ڕاخوراندووە. ئاکامی ئەم تێڕوانینە مرۆڤسەنتەرە بووەتە ئەو شتەی کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ئۆلریخ بێک، لە چوارچێوەی چەمکی "کۆمەڵگەی ڕیسک"دا فۆرمووڵەی کردووە: ڕەوتی هەوسارپساوی ریسککردنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، مرۆڤایەتیی لە گرێژنە ترازاندووە؛ ئادەمیزاد گەیشتووەتە لێواری هەڵدێرێکی مانونەمان کە لێکەوتەی داهێنانەکانی خۆیەتی. مانەوەی فیزیکیی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی کەوتووەتە مەترسییەوە: سروشت چیتر بەرگەی ئەو هەموو دادۆشینە ناگرێت!

ئەو دیاردەیەی سەرەوە ڕاچەنینێکی جیهانیی پێکهێناوە. پاشهاتە کارەساتبارەکانی ئەو مامەڵە نابەرپرسانەیەی ئادەمیزاد لەگەڵ سروشت و ژینگە، بەئاگاهێنانەوەیەکی لێکەوتووەتەوە کە بزووتنەوە ژینگەپارێزەکانی جیهان لە پێشەنگیدا ڕاوەستاون. لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە، ژینگەپارێزەکانی کوردستان درێژەی لۆکاڵیی ئەو ڕەوتە گلۆباڵەی ڕاچەنینی ویژدانی مرۆڤایەتین. ژینگەپارێزەکان بوونەوەرێکی پۆست مۆدێرنن، بەو مانایەی کە مامەڵەیەکی ڕەخنەگرانەی تێکەڵ بە تێڕامان و بەخۆداچوونەوە (reflexivity) لەگەڵ ئەو ئەقڵمەدارییە مۆدێرنەدا دەکەن کە ترسناکترین کارەساتەکانی بەسەر سروشت و ژینگەی ئادەمیزاددا هێناوە.

## گێڕانەوەی پیرۆزی بۆ سروشت

لەو ڕەوتی بەخۆداچوونەوەیەدا، بۆ وێنە لە دەمەتەقێ فەلسەفییەکاندا باس لە "بەهادارێی بابەتیانە" دەکرێت (واتە ئەوەی کە بەهای شتێک لە خودی شتەکەدا بێ نەک لەو نرخەدا کە مرۆڤ بۆی دادەنێت). مەبەست ئەوەیە کە نابێ نرخی سروشت دیسان لە ڕوانگەی مرۆڤەوە هەڵبسەنگێندرێتەوە، بەڵکو دەبێ سروشت خۆی لەخۆیدا، بەبایەخدار لەقەڵەم بدرێت؛ بەهەموو جوانی و ناشیرینیەکانییەوە، بە خێروشەڕ، بە سوود و زیانەکانیشییەوە.

خاتوو پاولینا کاینولاینێن، لە کتێبی "لەمسی پیرۆزی لە سروشتدا" (2007)، باس لەوە دەکات کە تەنیا پشتبەستن بە ئەقڵ و ئاوەزی ئادەمیزاد بۆ لغاوکردنی تەماع و چڵێسیی مرۆڤ لەئاست سروشت، بەس نییە. ڕەگەزێکی ئەفسوونگەر و هەستەوەریشمان پێویستە. دەبێ شعوورێکی پیرۆزیخوازانە تێکەڵکێشی تێڕامانی ئاوەزمەندانەمان سەبارەت بە سروشت بکەین. شعوورێکی پیرۆزیخوازانە کە "چێژ"و"ڕێز" تێکەڵ بە یەکتری بکات: چێژی جوانی و، ڕێزگرتنێک کە ڕێمان پێنەدا چیتر دەستدرێژی بکەینە سەر سروشت؛ داپاچین و دایدۆشین و، دواجاریش بیکەین بە زبڵدان! هەڵبەت پێشنیاری دکتۆر کاینولاینێن بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی سەرەوە، تێکەڵکێشکردنێکی ئێکۆفێمینیسم و نەریتی عیرفانیی کریستیانەتییە. ئێستا ئیدی، هەڵکشانی ئێکۆفێمینیسم بۆ سەر ئاستی ئایدیۆلۆژیای بەشێک لە بزووتنەوە سیاسییە جددییەکانی ئەم سەردەمە، بووەتە دیاردەیەکی جیهانی. لە دنیای کریستیانەتیشدا باس لە "ئێکۆتیۆلۆژی" (ئیلاهیاتی ژینگە) دەکرێ. دکتۆر کاینولاینێن، کە بۆخۆی ئۆسقۆفێکی مەسیحیشە، بگرە باس لە "ئیلاهیاتی دارستان"دەکات و دەڵێ، دارستان و کڵێسە (تۆ بڵێ مزگەوت) بە یەک ڕادە ماڵی خوان و؛ پیرۆزن!

## بەرەو ئەخلاقیاتی ژینگە

هەڵبەت بۆ بەپیرۆزگرتنی ژینگە، مەرج نییە پێویست بێ مرۆڤ دەستەوداوێنی ڕەگەزێکی مێتافیزیکی ببێت. ئەوەی ناشێ لەباسی ژینگەپەروەریدا چاوپۆشیی لێبکەین، ئەخلاقیاتە نەک ئیلاهیات. زانای بواری ستاتیکای سروشت، ئۆریو سێپەنما، پێیوایە؛ بۆ دارشتنەوەی پێوەندیی نێوان سروست و مرۆڤ پێویستمان بە "ژیارییەکی ژینگەیی ستاتیکی" هەیە. ناوبراو باس لە پێویستیی پەژراندنەوەی پێوەندییەکی گیانی بەگیانی (symbio-sis) لەنێوان مرۆڤ و ژینگەدا دەکا، واتە پێوەندییەکی هاودەمانەی چڕوپڕی کارلێککەرانە؛ ئاوێتەبوونێک کە دەبێتە هۆی نەشونماکردنی هەردوولایەن. بە دەربڕینێکی تر، ژیارییەکی ژینگەپارێزانە وای پێدەوێ کە مرۆڤ، پێوەندیی نێوان خۆی و ژینگە، وەک هاوپێوەندیی نێوان دوو مرۆڤی گیانی بەگیانی بنرخێنێت. بەم پێیە، دەشێ لە جێی "ئیلاهیاتی ژینگەیی" باسی لە"ئەخلاقیاتی ژینگەیی" بکەین. ئەخلاقیاتێک کە "هاومرۆڤانە"یە، واتە وەک پێوەندیی نێوان دوو مرۆڤە. هەڵبەت بەو جیاوازییە بایەخدارەوە کە، بەپێچەوانەی ئەخلاقیاتی باو، ئەخلاقیاتی ژینگەیی هاوپێوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت، نەک لە تەبیعەتی مرۆڤ بەڵکو لە کارەکتەرەکانی سروشت خۆی، هەڵدەهێنجێ. بەم پێیە، دەشێ باس لە ئەخلاقیاتێکی ژینگەیی بکەین کە یەکەم "هاومرۆڤانە"یە، دووەم "سروشتمەدارە".

## گەلۆ، ژینگەپارێزانی کوردستان دەکەونە کوێی ئەو جیهان و جیهانبینییەی سەرەوە؟

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە ژینگەپارێزان، درێژەی لۆکاڵیی ڕەوتێکی گلۆباڵن. هەرچی پێوەندیی بە ئەخلاقیاتی ژینگەییەوە هەیە، بە تێفامینەوەی من، دابی ژینگەپارێزی لە کوردستان، بەشێوەیەکی هاوتەریب بەڵام یەکجار خەللاقانە، ڕەسەنایەتی و هاوچەرخبوونی متوربەی "هاومرۆڤییەکی سروشتمەدار" کردووە. با بڕێک ئەمە ڕوون بکەمەوە:

## سروشت وەک سەرچاوەی زوڵاڵی ئەخلاق

ئاشکرایە، ژینگەپارێزەکان لە کوردستانی ئێمەشدا، پێوەندییەکی "هاومرۆڤانەیان" لە نێوان خۆیان و ژینگەدا دارشتووە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، نەک هەر گیانبەگیانیبوونی ئەو پێوەندییە، بەڵکو شێوەی هەڵهێنجانی بنەمای ئەخلاقیی ئەو پێوەندییە لە سروشتی کوردستانە. ئەگەر کاروکردار بەپێوەر بگرین، ژینگەپارێزی لە کوردستانی ئێمەدا، پشتی بە دوو پرێنسیپ بەستووە: "پارێزگاریکردن" و "بەخشندەیی". پارێزگاریکردن، گرینگترین کارەکتەری مێژوویی سروشتی کوردستانی ئێمەیە (هەمان کارەکتەر کە لە بیچمی چیاکانماندا بەرجەستە دەبێ!). بەڵام ئەمە خەسڵەتی بەستێنمەندی (کۆنتێکستواڵ)ی سروشتی کوردستانە. سروشت تایبەتمەندییەکی تریشی هەیە کە ئەمیان یونیڤێرساڵە: "بەخشندەیی"! ژینگەپارێزانی کوردستان، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکی واتادار لە پێوەندیی نێوان خۆیان و ژینگەدا ڕابگرن، بۆ ئەوەی ئەو هاوپێوەندییەیان لەگەڵ ژینگە "هاومرۆڤانە" و "سروشتمەدار" بێت، شقڵی کارەکتەرە مێژوویی و بان-مێژووییەکانی ژینگەی کوردستانیان لە کەسایەتیی هاووڵاتانەی خۆیان داوە. ئەوان ڕێک لەسەر دابی سروشتی کوردەواری "پارێزوان" و "بەخشندەن". قووڵبوونەوە لە واتاکانی "پارێزگاریکردن" و "بەخشندەیی" پێگەی ستراتیژیکی ژینگەپارێزانی کوردستانمان لەناو بزووتنەوەیەکی مەدەنیی مەزندا، بۆ واتادارتردەکا:

## چیاکان وەک هێمای ناتوندوتیژی!

چیاکان بۆیە مۆرکی پارێزوانێکی مێژووییان لە هەنیەی خۆیان داوە، چونکە بەرگەی پەلامارەکان دەگرن و لەبەرامبەر زەخت و گوشارەکانیشدا خۆڕاگرن. بەبێ ئەم دوو پارامێترە ئەوان نەیاندەتوانی ئێمە بپارێزن. ژینگەپارێزەکانیش بۆیە کارەکتەری پارێزوانانی سروشتیان پێ بڕاوە؛ چونکە، بیانەوێ یان نا، دوو پارامێتری "خۆڕاگری" و "بەرگری" ئاوێتەی ناسێنەی خەباتکارانە و ئەخلاقی پیشەیی ئەوان بووە. ئەوان بەرامبەر بەو هێزە ئەهریمەنیانەی سروشتی کوردستان دەخەنە پاوانی تەماعە سیاسی و ئابوورییەکانیان، ئیرادەی خۆڕاگری و ئەخلاقی بەرخۆدانی هاووڵاتییانە نمایش دەکەن و، شێلگیرانەش– هەر لە تێکۆشانی مەیدانیی ناو جەرگەی سروشتەوە بگرە تا بەرێخستنی کەمپەین و پەرەپێدانی وشیاریی گشتیـ بەگژ ئەو ئیرادە نەگریسانەدا دێنەوە کە بە ناڕەوا، دەستدرێژی دەکەنە سەر پیرۆزیی ژینگەی نیشتمان. کەواتە، پرێنسیپی "پارێزگاریکردن"، خۆی لەخۆیدا دوو پارامێتری گرینگی خەباتی ناتوندوتیژانەشی گرتووەتەخۆ: خۆڕاگری و بەرگری.

## بەخشندەیی: نەخشەڕێی ژینگەیەکی ئەخلاقی

"بەخشندەیی" کارەکتەرێکی گرینگی دیکەی سروشتە کە وەک میراتێکی ئەخلاقیی باڵا، بەباڵای ژینگەپارێزەکان بڕاوە. بۆ ئەوەی ژینگەپارێز لەباری ئەخلاقییەوە تووشی هاودژی نەبێ، پێویستە ڕەهەندی یونیڤێرساڵ لە کەسایەتیە مەدەنییەکەیدا، لە هەموو ڕەهەندە سیاسی و مێژوویی و گرووپییە خۆجێییەکانی بەهێزتربێت. دەشێ ژینگەپارێز بەشێوەی لۆکاڵی چالاک بێت، بەڵام ناشێ دڵسۆزییەکەی بۆ سروشت لەگەڵ سنوورە سیاسی و ئێتنیکییەکان کۆتایی بێت. پەرۆشیی ژینگەپارێز بۆ سروشت بێ سنوورە، گریمان پانتایی چالاکییەکانی، بەگوێرەی توانا مرۆڤی و لۆجستیکییەکان، سنووردار بێت. لەم پلە بەرزەی فامیاری (ادراک)دا ئیتر، ژینگەپارێز بۆخۆی دەبێتە خاوەنی کارەکتەرێکی گەردوونی — نەک هەر وەک هاووڵاتییەک، بەڵکو لەویش فراوانتر، وەک بوونەوەرێک، دەبێتە کەرتێکی دانەبڕاو لە گەردوون. ژینگەپارێز دەبێتە بوونەوەرێکی بەخشندە و، ڕێک وەک سروشت، لەڕێی بەخشندەییەوە، بوونی هەرمانی خۆی لە پێکهاتەی گەردووندا، واتادار دەکات.

ڕەنگە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو کارەکتەرە بەخشندەیە لای شەهیدانی ژینگەپارێزی مەریوان بێت. بۆ وێنە بەچاوخشاندنێکی خێرا بە لاپەڕەی ئینستاگرامی یەکێک لە شەهیدانی ژینگەپارێزی مەریواندا، من بینیم کە ئەو کەسە: بەشدارێکی کارای بەرزکردنەوەی وشیاریی گشتی سەبارەت بە ژینگە، چالاکێکی بەرگریکار لە مافی زیندانییە سیاسییەکان، ئەندامێکی کارای ڕێکخراوی ژینگەپارێزی مەریوان، یەکێک لە پێشەنگە هەرە چالاکەکانی بەدەمەوەچوون و یارمەتیدانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەی کرماشان، ئەکتیڤیستێکی لێوەشاوەی خەباتی ناتوندوتیژی، ڕەخنەگرێکی شێلگیری کوشتاری کۆڵبەران، لەویش واوەتر، پشتیوانی مەیدانیی چالاکە مەدەنییەکانی ئێران و بگرە هاوسۆزی قوربانیانی کوشتاری موسوڵمانانی میانماریش بووە. هەموو ئەمانەش لە پێناوی "داماڵینی هەموو مرۆڤایەتی لە توندوتیژی و بەرقەرارکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی لێوانلێو لە ئاشتی و میهرەبانی، لەسەر بنەمای یەکیەتی و هاودڵی وهاوکاریی هەمووان". بەلای منەوە گەلێک سەرنجڕاکێش بوو کە لە یاداشتێکی تردا، ئەم شەهیدە ژینگەپارێزە وەسیەتی کردبوو دوای ئەو تەمەنە پڕبەخشندەییەش، کاتێک کۆچی دوایی کرد، هەموو کەرتەکانی جەستەی بەوانە ببەخشرێن کە پێویستیان پێی دەبێت!

## پێشمەرگە ژیارەکانی ژینگە

ئەم ئاستە بەهادارەی خۆنەویستی و بەخشندەیی لە تێرمینۆلۆژیای زمانی کوردیدا تەنیا بە ئیستعارەی "پێشمەرگە" پێناسە دەکرێت. لەڕاستیدا، پێشمەرگە لەڕوانگەی فەلسەفە مێژووییەکەیەوە بریتییە لە بوونەوەرێکی "پارێزەری سەروەری". پارێزەرەکانی ژینگەی کوردستان، لە قووڵایی ئەو باوەڕەدا کە ژینگە و مرۆڤ بە دووانەی لێکجیانەکراو دەزانن، هەوڵ دەدەن سەروەریی سروشت و مرۆڤ (پیرۆزیی ژینگەی ئەفرێنەر و کەرامەتی ئادەمیزاد)، وێکڕا لە دەستدرێژی بپارێزن. هەڵبەت فرمانی ئەم پێشمەرگە ئێکۆلۆژیکانە، پارێزوانییەکی توندوتیژانە نییە، بەڵکو ڕێک بەرپەرچدانەوەی ناتوندوتیژانەی توندوتیژییەکی ساختارییە. ژینگەپارێزەکانی کوردستان، بە گەلێک شێوە لەخەمی پاراستنی ژینگەی کوردستاندان: هەر لە هەوڵی ڕێگری لە جێبەجێبوونی پیلانەکانی تێکدانی هاوسەنگیی ئێکۆلۆژیکی کوردستان لەلایەن حاکمە نابەرپرسەکانەوە بگرە تا بەرپەرچدانەوەی ئەو ئاگرە جەهەننەمیانەی دەستە چەپەڵەکان لە ژینگەی کوردستانی بەردەدەن. ژینگەپارێزی لە ژینگەی سیاسیی کوردستاندا، تەنیا پارێزگارییەکی گیانفیدایانە لە سروشت نییە، بەڵکو خەملاندنی کردیارێکی (agent) کۆمەڵایەتیی جیاوازیشە، کە لەجێی بێدەربەستی و دەستەوستانی، بە چەکی چاونەترسی و خۆڕاگری و بەخشندەییەوە، دەچێتە شەڕی نەیارانی ئاشتی و ئازادی و جوانی.

ڕەنگە کەس گومانی لەوە نەبێ کە، خەباتی هاوچەرخی ژینگەپارێزانی کوردستان، بایەخی سروشتی لای زۆربەمان بەرزتر و، ژینگەی لای زۆربەمان شیرین کردووەـ شیرینتر لەو شتەی پێشتر هەبووە. خەباتی ژینگەپارێزان، تەنیا هوشیاریی ئێکۆلۆژیکی ئێمەی نەگەشاندووەتەوە، بەڵکو کەیفیەتی بوونایەتیی مەدەنیی ئێمەشی هەڵکێشاوە. شاعیر و فیلسووفی سەدەی نۆزدەهەم، ڕاڵف ڤاڵدۆ ئێمێرسۆن، کاتی خۆی لە وتارێکدا بەناوی "سروشت"(1836) گوتبووی "بۆ ئەوەی جوانیی سروشت بگاتە چڵەپۆپەی خۆی، حزووری ڕەگەزێکی مەعنەوی، پێویستییەکی بنچینەییە". دابی خەباتی ژینگەپارێزانی کوردستان، نوێنگەی ئەو پێوەندییە مەعنەوی و پیرۆزەیە کە دەبێ لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا بەرقەراربێت. ئەو پێوەندییە بەتەنیا جوانیی سروشت ناگەیەنێتە چڵەپۆپە، بەڵکو نەریتی نیشتمانپەروەریی ئێمەش دەگەیەنێتە ئاستێکی جوانتر، بەهەرەدار و بەهادارتر.